

# شۆڕش ژێرەکان دایدەڕێژن.. ئازاکان
# جێبەجێیدەکەن.. هەلپەرستەکان بەرەکەی دەخۆن

رمزاشول

لە ئەمڕۆدا، لە لایەکەوە شۆڕش و راپەڕین و خۆپیشاندانی ناڕەزایی و تووڕەیی گەلانی چەوساوە و ستەملێکراو و ماف و ئازادی داگیرکراو، دژی دەسەلاتدارانی ستەمکار و رژێمە دیکتاتۆرییەکان، لە لایەکی تریشەوە تەشەنەکردنی گەندەلی و، نادادپەروەری و، هەژاری و، قۆرخکردنی دەسەڵات. ونەتە وێردی سەر زاری خەڵکی و، بە مانشێتی میدیاکان و بە هەواڵی راگەیاندنەکان و بە بابەتی نووسینی نووسەران و رۆژنامەنووسان و بە شرۆڤەکردنی سیاسییەکان لە جیهاندا.

زاراوەی شۆڕش لە وشە لاتینییەکەیەوە (Revolutio)وە وەرگیراوە.. تا ئیستا چەند پێناسەیەکی جیاواز بۆ چەمکی شۆڕش کراوە.. لای هەندێکەوە شۆڕش بریتییە لەو شەڕانە و لەو بزووتنەوە رزگاریخوازە نیشتمانییانەی کە ئامانجیان رزگارکردنی نیشتمانە لە ئیمپریالیزم یا لە داگیرکەرانی بێگانە و راگەیاندنی سەربەخۆیی.. پێناسەیەکی تری شۆڕش: شۆڕش بریتییە لە دەربڕینی تووڕەیی و ناڕەزایی لە لایەن کۆمەڵێک خەڵکەوە.. یا لە لایەن زۆرینەی گەلەوە، بە پێی ئایدیۆلۆژیاییەکی بەرنامەداڕێژراوی ئەو کۆمەڵە یا ئەو گەلە، لە دژی ستەمکاری سەرکوتکردن و چەوسانەوە و، پێشێلکردنی مافەکان و نەبوونی ئازادی، کە لەلایەن رژێمە دەسەڵاتدارەکان و، فەرمانڕەواکانەوە دەرهەق بە خەڵکی دەکرێن.. گەل بۆ رزگاربوونی لەو دۆخ و بارە نالەبارانە، ملکەچ نابێت، ناچارە پەنا بۆ پەرپاکردنی شۆڕش ببات، بۆ گۆڕینی دەسەڵات بە دەسەڵاتێکی نیشتمان پەروەری باشتر و، هەموارکردنەوە و گۆڕانکاری لە دەستوور بە شێوەیەکی ئەرێنیخوازی و، نەهێشتنی گەندەڵی و، جیوازی و، نادادپەروەری و، باشترکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکی و، بەرجەستەکردنی ئازادی و دیموکراتی و، رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و، لە سەروەری یاسا، چاکسازی لە هەموو بوارەکاندا.

شۆڕش وەکو (زاراوەیەکی سیاسی) یە لە دەرچوون لە بار و دۆخی نالەباری ئەمڕۆ، لە رێی بزووتنەوەیەکی ڕەزایی و، چاوبڕینە دۆخێکی باشتر و، بەرفراوانکردنی ئازادی و دیموکراتی.

ۆرش یەکێکە لە کەرستەکانی ئۆپۆزسیۆن بۆ گۆڕینی حوکمڕانی لەم دەوڵەت یا ئەو دەوڵەتدا.

شۆڕش دواهە ژاردەی گەلانی چەوساوەی نیشتمان داگیرکرا و ماف زەوتکراوە، بۆ رزگاری و سەربەخۆیی و ئازادی و گەیشتن بە دەسەڵات و خۆبەڕێوەبرن و، بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان.

به زۆریش شۆڕش لەو وڵاتانەدا بەرپادەبێت  کە لە لایەن حکوومەتێکی گەندەڵ و قۆرخکردووی دەسەڵات و، پۆستە ڵاکان و، تەخشان و پەخشان کردن بە سامانی گەلەوە، بەڕێوەدەبرێت.

هەر لە کۆنەوە، شۆڕش فەیلەسووفەکان و بیرمەندەکان و نیشتمان پەروەرەکان ـ نووسەرەکانی سەرقاڵکردوون، هۆیەکانی شۆڕشیان لێکداونەتەوە.. بۆ نموونە (ئەرستۆ) بەشی حەوتەمی کتێبە بە ناوبانگەکەی کە بە ناوی (سیاسەت) ەوەیە، بۆ باسکردن لە شۆڕش و هۆیەکانی تەرخان کردووە.
ئەرستۆ لەو باوەڕەدایە کە هۆیەکانی شۆڕش بۆ(نایەکسانی) دەگەڕێنەوە.. بەر ئەرستۆ هۆکارێکی سەرەکی تری شۆڕش بۆ ناڕازیبوونی خەڵکی لەو دۆخ و بارە ناهەموارەی کە تێدایە دەگەڕێنێتەوە، کاردانەوەی ئەو بارە نالەبارەیە، ە خەڵکی بۆ شۆڕشکرن ئامادە دەبن.

میش بە تەنها لایەنی سیاسی و رزگاری نییە، بەڵکو شۆڕش جۆری زۆرە و هەموو لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە، وەکو: ڕشی کۆمەڵایەتی، شۆڕشی پیشەسازی، شۆڕشی پەروەردەیی، شۆڕشی کشتوکاڵی،...هەتد.
ڵام شۆڕش وەکو (زاراوەیەکی سیاسی) دوو جۆری سەرەکی هەیە:

یەکەم (شۆڕشی سوور): لە ناوەکەیدا دیارە، کە لەم جۆرە شۆڕشەدا، خوێنێکی زۆر دەڕژێ و، ژمارەیەکی زۆریش ، شۆڕشگێران و لە نەیاران دەکوژرێن، پێناوی رزگاری و گۆڕینی رژێمدا. نموونەی ئەم جۆرە شۆڕشە:
شۆڕشی فەرەنسا، شۆڕشی ئوکتۆبەری رووسیا، شۆڕشی ڤێتنام، شۆڕشی رزگاری ئەمریکا، شۆڕشی جەزائیر، شۆڕشی ئەیلول لە باشووری کوردستان،...هەتد.
لەم سەردەمەشدا، شۆڕشی رزگاریخوازی گەلی کوردمان، لە باکوور و رۆژ ڵات و رۆژئاوی کوردستاندا، لە دژی اگیرکەرانی رەگەزپەرست و درندە درێژەی هەیە.

دووەم (شۆڕشی سپی): ە پێناوی گۆڕینی رژێم بەرپادەکرێت، بەبێ ئەوەی پێویست بە خوێنڕشتن بکات.. نموونەی ئەم شۆڕشەش (شۆڕشی پورتەقالی: ٢٠٠٤ز) لە ئۆکرانیا.

ێرەکان شۆڕش دادەڕێژن:
بیرمەندان و سەرکردە زیرەکەکان و ژیرەکان و نیشتمانپەروەران و بلیمەتان و رۆشنبیرانی وریا و بە توانا و سیاسەتمەدارانی بە ئەزموون و شارەزا، کە ەمانە نوخبەن و، گەل بە نوێنەری راستی خۆیانی دەزانێ.. ئەم ەیە بە هۆی ئەوەی کە داڕێژەری ئایدۆلۆژیا و هیواکان و پرەنسیپەکانی شۆڕشی گەلەکەیانن .. هەردەم رۆڵێکی سەرەکی و پێشەنگی و کاریگەرییان هەیە، ئەمانن کە رێبا و نەخشەڕێگای شۆڕشی رزگاریخوازی گەلەکەیان دیاری دەکەن.. ئەرکێکی زۆر گرنگ و قورس و بەرپەرپرسییاریەکی ەستیار و، خزمەتێکی زیاتری گەلەکەیان لە

ئەستۆ دەگرن.. هەردەم خۆشیان بە دڵسۆز و خەمخۆری گەلەکەیان دازانن.. شکی شێری قوربانیدانیشیان بەردەکەوێ.. ونکە لە لایەن دەسەڵاتداران و دەزگاکانی سەرکوتکردنی رژێمەوە زیاتر چاودێری دەکرێن و دەکرێنە ئامانج.

کاتێ کە زمانی گفتوگۆ و دیالۆگ لەگەڵ حکوومەتی دەسەڵەتدار یا داگیرکەری بێگانە بۆ چارەسەری کێشەکان و، جێبەجێکردنی داخوازییەکان و مافە رەواکانی گەل شکست دێنن و، دەگەنە رێگایەکی بنبەست.. بیرمەندان و سەرکردە ژیرەکان و سیاسەتمەدارانی شارەزا و دانا و بە ئەزموونی گەل، بیر لە دواهەڵبژاردە دەکەنەوە، ئەویش بەرپاکردنی شۆڕشە.. ێناوی رزگاری و ئازادی و بە دەستهێنانی خواست و مافە رەواکان.. ێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەرگریکردن و شۆڕشی چەکداری و، بڕیاردان لە مافی چارەی خۆنووسین، بە مافێکی رەوای هەر گەلێکی مافی زەوتکرا و نیشتمان داگیرکراو دەزانێ.
بەر لە دەستپێکردنی شۆڕشیش، پێویستە گەل لە پرەنسیپ و لە ئامانجەکانی شۆڕش وریابکرێتەوە و، هانی گەل بدرێ کە ێ هیوا نەبن و، ئەوە بزانن کە ماف نادرێ وەردەگیرێ.. لە سایەی خەبات و خۆڕاگری و قوربانیداندا، یشتمان رزگاری دەبێت و، ئازادی و دیموکراتی و یەکسانی بەرجەستە دەبن و مافە رەواکان دێنە دی.
دکتۆرە (نەوال سەعداوی) دەڵێ:" شۆڕشەکان بە شاراوەیی پەرپانابن، شۆڕش و نووسین هەردووکیان نهێنی نازانن.. لە رووناکیدا بنووسە.. تووڕەبە و شۆڕشکە و مەسرەوە.."
(ڤیکتۆر هۆگۆ)ش دەڵێ:" ئەگەر بێتو کۆسپ بێتە بەردەم خوێنڕۆی خوێن لە دەمارە خوێنبەرەکاندا، ئەنجامەکەی ئەوەیە کە مرۆڤ دووچاری نەخۆشی دەبێت.. ئەگەر بێتو کۆسپ بێتە بەردەم رۆگەی ئاوی رووبار، ئەنجامەکەی ئەوەیە کە لافاو دەبێت.. ئەگەر بێتو کۆسپ بێتە رێی ئایندە، ەنجامەکەی ئەوەیە کە شۆڕش بەرپا دەبێت"

## رۆڵی شۆڕشگێرە ئازاکان:

کە شۆڕش راگەیاندرا، رۆڵی شۆڕشگێرە ئازا و گیانبەخشەکان دێتە کایەوە، کە بە گیانێکی لە خۆبووردنەوە، قارەمانانە بەرگری لە نیشتمان و لە پرەنسیپەکانی شۆڕش دەکەن.. مادەن کە گیانیان لە پێناوی ئامانجەکانی شۆڕشدا ببەخشن، شۆڕش بە خوین و گیانبەخشین درێژەی دەبێت.. تاجی ژیانیش بە خوێن دەنەخشێنرێت.. وەکو شاعیری کوردستان پەروەرمان فایق بێکەس دەڵێ:

**داری ئازادی بە خوێن ئاو نەدرێ قەت بەرناگرێ**
**سەربەخۆیی بێ فیداکاری ئەبەد سەرناگرێ**

ئەو تۆوەی کە بیرمەندان و سیاسەتمەدارانی نیشتمان پەروەر تۆویان کرد، شۆڕشگێرە ئازاکان بە خوێنی گەش و ئاڵیان ئاوی .دەدەن و، دەیهێننە بەرهەم.. ەگەرچی بەشێکی زۆری شۆڕشگێرە قارەمانەکان لە شەڕەکانی بەرگریدا شەهید دەبن و، بەری خەبات و قوربانیدانیان و هێنانەدی هیوا و ئامانجەکانی شۆڕشەکەیان نابینن.. بەڵام هەرگیز نامرن و سەروەرن و لە دڵی گەلەکەیاندا دەژین.

## هەلپەرستەکان بەری شۆڕشەکان دەخۆن:

زۆرن ئەو هەلپەست و خۆپەرست و ترسنۆکانەی کە دزە بۆ ناو شۆڕشەکان دەکەن، کە لە ڕاستیدا هیچ بڕوایەکیان نە بە شۆڕش و، نە بە ئایدیۆلۆژیای شۆش و، نە بە پرەنسیپەکانی هەیە.. بەڵکو ڕەنگە بە هۆی کێشەکانی خۆیان یا لە ترسی دەسەڵات هەڵهاتووبووبن و، خۆیان دابێتە پاڵ شۆڕش، یاخود زۆری لە پێناوی ئامانج و بەرژەوەندی و دەستکەوتە تایبەتییەکانی خۆیاندا چوونەتە ریزی شۆڕشەوە.. ئەم هەلپەرستانە وا خۆیان دەبەنە پێشەوە و، وا خۆیان دەردەخەن، هەر وەکو ئەمان شۆڕشەکەیان بەرپاکردووبێت.. ئەم هەلپەرستانە، بە زۆری ترسنۆکن و، خۆشیان لەشەر بە دوور دەگ ، و بەرپرسێتیش لە ئەستۆ ناگرن، چاویان تەنها لە دەسکەوت و لە بەرژەوەندییەکانی خۆیانن.

ەشێش لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشەکان نەک لەکاتی شۆڕشەکاندا، ئەم هەلپەرستانە پەیدا بووبن و دەرکەوتووبن، بە هەچ ڕێگایەک بێت خۆیان هاوردۆتە پێشەوە و، خۆیان کردوون بە خاوەن و بە ئەنجام گەیانراوی شۆڕشەکان و بە دەسکەوتەکانییان، ئەم هەلپەرستانە بەسەر شانی شۆڕشگێرە ڕاستی و ڕەسەنەکاندا سەرکەوتوون.. هەر ئەمانەشن بە ئەوپەڕی توانایانەوە پیلانی گڵاو ە دژی شۆڕشگێرە دڵسۆز و ڕەسەنەکان ەگێرن و، دەیانەوێت لە کاریزمایان کەم بکەنەوە و لە گۆرەپانی خەبات دووریان بخەنەوە، بەڵکو لە ناوشیان بەرن.. شایانی باسیشە ئەم هەلپەرستانە نە باوەڕیان هەیە و، بڕوایشیان بە هیچ ئایدیۆلۆژیایەک و،نە بە هیچ تیۆرێکی دیاریکراو نییە، ئەوان ئامادەن کە ، پێناوی بەرژەوەندییەکی کاتییاندا، دەست لە هەموو باوەڕ و بەهاکانیان هەڵبگرن، ڕەوشت و بەها و کەسێتی و ناوزڕانیشیان بەلاوە گرنگ نییە، گوێش بە ڕسوایی و شەرمەزاری و بە قسەی سووک و بە تانە و تەشەر نادەن.. ەی ئەمڕۆش دەیڵێن، لە سبەینێدا نکوولی لێدەکەن.. گرنگ بە لای ئەم هەلپەرستانەوە، وەرگرتنی پۆست و پایە و دەسەڵات و، بە دیهێنانی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیانە.. ەم هەلپەرست و بێ ئابڕووانە، نەک ڕۆژێک لە ڕۆژان تنۆکێک خوێن بەڵکو دڵۆپێک ئەسرینیشیان لە پێناوی گەل و نیشتمانەکەیاندا نەڕشتوون.. هاتوونەتە سەر خوانی ئامادەکراو.. زۆر بە داخەوە کە لە سایەی خوێنی هەزاران ڕشگێری قارەمان، ئەم هەلپەرست و ترسنۆکانە سوودمەندن و.. ئەمانە بەری شۆڕشەکان و قوربانیدانی شۆڕشگێرە قارەمانەکان و، شەهیدە گیانبەخشەکان دەخۆن.

شاعیری عێراقی (عەبدولوەهاب بەیاتی) دەڵێ:" لە هەموو سەردەمەکاندا، دزەکانی شۆڕشەکان، شۆڕشەکانی هەژارەکان دەدزن"

(نێلسون ماندێلا)ش دەڵێ:" ەسێک دەمرێ کە شایەنی مردن نییە.. ەسێکیش دەژی کە شایەنی ژیان نییە"

شۆڕشگێرە ڕەسەنەکان، خاوەنی تێڕوانین و بەرنامەی شۆڕشن.. کەسانێکی پاک و دڵسۆزن و، خاوەنی باوەڕ و ئیرادەن، لەژێر هیچ فشارێکدا دەستبەرداری پرەنسیپەکانی شۆڕشەکانیان نابن.. تەنانەت لە دوای ڕزگارکردنی نیشتمان و گەلەکانیشیان لە ستەم و لە چەوسانەوەی ڕژێمە ستەمکارەکان، یا لە داگیرکەرانی بیانی، هەڵوێست و

باوەڕی نیشتمان پەروەری خۆیان ناگۆڕن و پەیوەست دەبن بە پرەنسیپەکانی شۆڕشەکانیانەوە، هەردەمیش بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتمان و گەلەکانیان، لە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان لەپێشتر دەزانن.. ە پێناوی پۆست و پلە و ایەشدا نەبوونە بە شۆڕشگێران.

بەڵام شۆڕشگێرە ناڕەسەن و درۆزنەکان و، هەلپەرستانی چاونەزێر، هیچ ئایدیۆلۆژیا و بەرنامەیەکی داڕێژراویان نییە.. تەنها نەخشەیان ئەوەیە ە چۆن بگەن بە دەسەڵات و بە پلە و پۆست و، چۆن بتوانن مەرامەکانی خۆیان بە دەستبهێنن.. بۆ بە دەستهێنانی مەرامەکانیشیان، هیچ بەها و شەرم و شکۆیەکیان نییە، ئامادەن کە هەموو رێگایەکی چەوت و نالەباریش بگرنەبەر بۆ گەیشتن بە خواست و بە مەرامەکانیان، هەلپەرستان پەیڕەوی(تیۆری میکافیلی) دەکەن کە چەمکەکەی ئەوەیە(ئامانج پاکانە بۆ هۆ دەکات) ئەمانە هەوڵی ئەوەش دەدەن، ە ڕێبازی ڕاست و ڕەسەنی شۆڕشەکان بگۆڕن و، دروشمە جوانەکانییان چەواشەبکەن و، بە درۆ و بە بوختانی هەڵبەستراو، توومەت و تاوان بخەنە پاڵ سەرکردە دڵسۆزەکانی شۆڕشەکان.. کاری ما و کارتێکردن و شکۆ و ێزیان لەبەرچاوی گەلەکەیان بخەن.. بەڵکو بەشێکی زۆر لە شۆڕشگێرە ڕەسەنەکان و لە سەرکردکانی شۆڕش بە پیلانی هەلپەرستەکان کوژران.

(ناپلیۆن)دەڵێ:" لە شۆڕشدا، دوو جۆرە خەڵکی هەن، ئەوانەی شۆڕش بەرپادەکەن، ئەوانەش کە لێی سوودمەند دەبن"

زۆرن ئەو سەرکردە تێکۆشەر و شۆڕشگێرە دڵسۆزانەی، کە سەروەریان بۆ گەلەکانیان تۆمارکرن و، بۆنە مایەی شانازی و تا هەتایە نەمرن و، لە لاپەڕە زێرینەکانی مێژوودا ناویان تۆمارکراون و.. ە ئەوپەڕی ڕێز و شکۆدارییەوە یاد دەکرێنەوە.. بۆ نموونە: ماهاتما گاندی، جیڤارا، نیلسون ماندێلا، قازی محەمەد، عومەر ئەلموختار، ژانی ارک، قەدەمخێر، ێخ مەحموود، مستەفا بارزانی، جۆلیۆس نیرێری، جورج واشنتۆن،...هتد.

هەر بۆ نموو ەش، بە کورتی ئاماژە بە ڕۆڵی سەرکردەی شۆڕشگێری وڵاتی تەنزانیا ( ۆلیۆس نیرێری) دەکەین، کە لە دژی داگیرکەری بەریتانیا شۆڕشێکی ڕزگاریخوازی بەرپاکرد.. جۆلیۆس نیرێری، یەکێکە لە شۆڕشگێرە دڵسۆز و ڕەسەنەکان، کە بەندی پرەنسیپەکانی شۆڕشەکیان بوو.. بەرزترین هیوا و ئامانجی جۆلیۆس ئەوەبوو، کە ریزەکانی گەلی تەنزانیا یەکبخات و، ڕۆڵەکانی گەلەکەی لە جیاتی هۆزایەتی پەروەری، هاوبەستەبوونیان بۆ گەل و نیشتیمانەکەیان هەبێت ئەوەی ویستی هێنایەدی، توانی گەلی تەنزانیا یەکبخات و، هەموو شێوە جیاوازی و دابڕان و ململانێیەکی نەهێشت.. لە سایەی یەکێتی گەلەکەی و تەنزانیاپەروەریدا، توانی وڵاتەکەی لە ئیمپریالزمی بەریتانیا ڕزگار بکات و، سەربەخۆیی تەنزانیا ڕابگەیەنێت.

جۆلیۆس لە سەرەتای دەسەڵات و حوکمڕانیدا بەر لە هەموو شتێک، گرنگییەکی زۆری بە باشکردنی ژیان و گوزەرانی ڕۆڵەکانی گەلەکەی دا، دووەمین کاریشی ئەوەبوو، کە ستی فێرکردن و پەروەردەکردنی بەرزکردەوە، کارێکی گرنگی تری خزمەتگوزاریی تەندروستیشی بۆ هەمووان دابین کرد.. شۆڕشێکی چاکسازیشی لە هەموو

بورەکانی ژیاندا ڕاگەیاند.. لیۆس نیریری بوو بە خۆشەویستی گەلەکەی و بە سومبلی تەنزانیا.

### شۆڕشەکانی کوردستانیش لەو ڕاستتانە بەدەرنین:

ـلی کوردمان لە پێناوی ڕزگارکردنی کوردستان لە داگیرکەرانی بیانی، چەندین شۆڕشی نوێناوی بەرپاکردووە، لە ئێستاشدا شۆڕشی ڕزگاریخواز لە کوردستاندا درێژەی هەیە.. تا ئەمڕۆ بە هەزاران ڕۆڵەی قارەمان و بەجەرگمان، ـە دەیان سەرکردەی تێکۆشەر و دلێر و ـۆزی گەلەکەمان بوونە سووتەمەنی ئەم شۆڕشانە و شەهیدبوون.. لەو بڕوایەدام کە هەموو کوردێک گرنگترین هۆیەکانی سەرنەکەوتن و شکستیی شۆڕشەکانمان دەزانێت کە چین.

تەنها لە باشووری کوردستاندا، شۆڕش بە ئەنجام گەیشت، ئەو ئازادی و نیوچە سەربەخۆییەی کە لە ئەمڕۆدا لە باشووری کوردستاندا هەیە.. بە دەریاکی خوێن و فرمێسک، بە قوربانیدانی هەزاران پێشمەرگەی قارەمان و بەجەرگمان، بە ئەنفال و کیمیابارانی گەلەکەمان هاتوونەتە دی.. بەشێکی زۆر کەمی شۆڕشگێرە ڕەسەنەکانمان و، سەرکردە دڵسۆزەکانمان لە بەری شۆشەکە سوودمەندن.

بە دەخاوە لە ئەمڕۆدا، دەبینین کە کەسانێکی هەلپەرست و ترسنۆک و هیچ لەباری فسفس پاڵەوان و، بەرژەوەندی پەرست، کە سنگی خۆیان دەردەپەڕێنن و، خۆیان کردوون بە خاوەنی شۆڕش و، بوونە بەقارەمانی پەردەی هەندێ لە تەلەفزیۆنەکان و لە میدیاکانی کوردستان.. ـەشێکی زۆری ئەم هەلپەرستانە هاتوونەتە سەر حازری و دەستیان بەسەر دەستکەوتەکانی شۆڕشدا گرتووە، زۆربەی دەسەڵات و پوستە باڵاکان و هەستیارەکانیان قورخکردوون.. نە ڕابردوویەکی ئەوتۆیان هەیە و نە بەگراوندێکی شۆڕشگێڕیێ و سیاسی و ڕۆشنبیریشیان هەیە.. نە لە ئاستی ئەو پۆست و دەسەڵاتە هەستیارانەدان کە وەریان گرتوون، نە شایەنی ئەوەشن کە لەو پۆستانەدابن، ئێمە لە نووسینێکی پێشتر ـاندا لەژێر ناوی (گەورەترین گەندەڵی بوونی کەسی نەشیاوە لە شوێنی شیاودا) ئاماژەمان بە ڕۆڵی نەرێنی ئەم هەلپەرستانە و بە قورخکردنی دەسەڵات کردووە.. ـەشێکی زۆری ئەم هەلپەرستە خۆدەرپەڕێنانەی ـەمڕۆمان، نە فیشەکێکیان بە داگیرکەرانی کوردستانەوە ناوە و، نە وشەیەکیان لە دژیان وتوون یا نووسیون.. ئەم هەلپەرستانە هە ـاران و شۆڕشگێرە ڕەسەنەکانی گەلەکەمانیان کردوون بە پەیژەی سەرکەوتنیان.. بە ئاشکراش مزایدە بە چارەنووسی کورد و کوردستانەوە دەکەن، ئەم هیچ لەبارانە، هەلێکی زێڕینیان لەدەست گەلەکەمان دا، بۆ ئەوەی ئەمڕۆیەکی باش و داهاتوویەکی باشتر بۆ کورد و کوردستان دابین بکەین.. ئەمانە بازرگانی بە خوێنی ڕۆڵەکانی گەلەکەمانەوە دەکەن.. ـەم هەلپەرست و دز و گەندەڵانە، گوێش بە شوورەیی و بە شەرمەزاری و بە ڕسوایی و ڕووڕەشیان نادەن، گرنگ بەلایانەوە دزینی قووتی ڕەش و ڕووتی گەلەکەمان و، گیرفان پڕکردن و دۆلار کۆکردنەوەیە .. ـانەت ئامادەی ئەوەشن کە لە پێناوی بەرژەوەندییەکانیانی خۆیان و ـانەوەیان لە دەسەڵات و لە پۆستەکانیان دا، ناپاکی بکەن و، دەستیش بخەنە نێو دەستی داگیرکەرانی کوردستان و..

بێدەنگیش بن لەو تاوانانەی کە بە بەرچاویانەوە لە گەلەکەمان دەگرێن.. هەندێکیان وایان لێهاتووە، نە بەبێ پرسی داگیرکەران، ناتوانن پەنجە بە ئاویشدا بکەن.. بەڵام ئەو ڕۆژە نزیکە کە چیتر گەلەکەمان دان بە خۆیدا نەگرێ و، لە دژی ئەم هەلپەرست و گەندەڵکارانە ڕاپەڕێت و، کونە مشکیان لێبکەن بە قەیسەری.

دەمەوێت ئەوەش بڵێم،پێویستە باش و خراپ تێکەڵ نەکەین و لێکیان جیابکەینەوە، ئەوەی کە من لەم نووسینەمدا مەبەستمە، هەلپەرستەکان و دەسەڵاتدارە هیچ لەبارەکان و بەرژەوەندی پەرستەکان و پاشەڵپیسەکان و دزەکان و خۆپەرستەکان و گەندەڵکارەکانن.. کە وەکو گەنە و مێشوولە نووساون بە جەستەی گەلەکەمانەوە و خوێنی دەمژن.. بەڵام کەسانێکی دەسەڵاتدار و پۆست و پایەبەرز و، شۆڕشگێری ڕەسەن و پاک و دڵسۆزیشمان هەن، کە لە ئەمڕۆدا لە پۆستە باڵاکان دان، یا لە دادمودەزگاکاندا بەرپرسن، زۆر بە دڵسۆزییەوە خزمەتی گەلەکەمان دەکەن و، بەرژەوەندی باڵای گەلەکەمان لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکی خۆیانەوە دەزانن.. لە لای گەلەکەمان ڕێز و شکۆیان هەیە.. ئەم تێکۆشەر و شۆڕشگێڕە دڵسۆز و ڕەسەنانەمان، شایەنی ئەوەن کە لەبەری خەبات و قوربانیدانیان و، شۆڕشەکەمان بخۆن و سوودمەندبن.. ئەم تێکۆشەر و شۆڕشگێڕانەمان لە ئەمڕۆشدا، هەر خۆیان بە شۆڕشگێڕ و بە پێشمەرگەی گەلەکەمان دەزانن و، سەربەرزن کە هیچ ناپاکییەکیان بەرانبەر بە کورد و کوردستان نەکردوون.. ئێستاش ئامادەی گیانبەخشینن .

**ڕەزاشوان**

**نەرویج:(٣٠/ ئوکتۆبەر/ ٢٠١٦)**